ئـايا

فلووه،

يان پاشماوەكەيەتى

وه يان

هەوى پەردەى دەورى مێشكە؟(Meningitis )

چاودێرى برادەرەكەت بكە

لەوانەیە کوتانی مێن-سی [MenC] ت لەخۆت دابێت کە پارێزگاریت دەکات لە نەخۆشیی هەوکردنی پەردەی دەوری مێشک [meningitis C] بەڵام بەکتیریای دیکە هەن کە دەبنە هۆی تووشبوون بە هەوکردنی پەردەی دەوری مێشک [meningitis] وە خوێن ژەهراوی بوون [septicaemia]. ئەو بەکتیریایانە بە هۆی **کۆکە** و **پژمینەوە** وەیان بەهۆی بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆوە وەک **ماچکردن** بڵاو دەبنەوە. تەشەنەکردنیان زیاتر لەو شوێنانەدا دەبێت کە خەڵک تێیدا نزیکی یەکتری لە گرووپی گەورەدا دەژین وەیان کار دەکەن.

ئەوەی گرنگە بیزانیت ئەوەیە کە **نەخۆشیی هەوکردنی پەردەی دەوری مێشک [meningitis] وە خوێن ژەهراوی بوون [septicaemia]** لەوانەیە زۆر لە پڕ دیاری بدات، هەندێک جار لەماوەی چەند سەعاتێکدا دەبێت.

بەڵام، گەورەترین کێشە ئەوەیە زۆربەی نیشانەکانی لە سەرەتادا سووکن وە لە نیشانەکانی نەخۆشیی فلو وە یان پاشماوەی دەچێت، بۆ نموونە:

- **ڕشانەوە؛**
- **هەستکردن بە تا لێهاتن (گەرمی)؛**
- **ئازاری پشت وەیان جومگەکان؛**
- **سەریەشە؛**
- **مل ڕەقبوون.**

بەڵام ئەگەر هەرکام لەم نیشانانەی لای خوارەوە دەرکەوت:

- **بێزار بوونی زۆر بە ڕووناکی؛**
- **بێتاقەت بوون؛**
- **دەرکەوتنی پەڵە وەیان نیشانە کە بە پەستانیش لاناچێت؛ وەیان**
- **بوورانەوە**

**ئەوا یەکسەر داوای یارمەتیی پزیشکی بکە - چارەسەری زوو ژیانی مرۆڤ ڕزگار دەکات.**

**ئەگەر تۆ چاودێری هاوڕێیەکانت بکەیت و سڵ نەکەیتەوە لەوەی لێیان بپرسیت کە هەست بە چی دەکەن، ئەوا لەوانەیە بتوانیت ژیانیان بپارێزیت.**

هەروەها ئەم نامیلکەیەش دادەنرێت لە www.wales.gov.uk/immunisation دا وە یان بەم زمانانەی لای خوارەوە: www.cymru.gov.uk/imiwneiddio

عەرەبی، بەنگالی، بولگاری ، چینی، چیکی، فارسی، فەڕەنسی، گورجی، هیندو، ئینگلیزی، لینگالا، پۆڵەندی، پۆرتوگالی، پونجابی، ڕووسی، سۆماڵی، ئیسپانی، سواحیلی، تاگالۆگ، ئوردو، ڤیتنامی

© Crown copyright
July 2008
CMK-22-02-233 D2160809